The Social Democratic Party of Kurdistan
Parti sociaoldemokrati Kurdistan (rojhelat)

## ڕووانگای ئێمە لە سەر ئاکام و قازانجی مانگرتنی گشتیی لە کوردستان

### ئایا پرس بەشدارییکردنە یان "چی بکرێت؟"

لە ماوەیەکی کورتدا و لە ڕاستییدا کەس نازانێت سەرچاوەی ڕاستەقینەی بانگی مانگرتنی گشتیی و هاوپشتیی لەگەڵ خۆپیشاندنەکانی تاران لە کوردستان لە کوێوە دراوە.، کێ لە پشت ئەو بانگەوازەوەیە، و بە چ مەبەستێکە، پرسیارێکە ئایندە وەڵامی دەداتەوە.

ئەوی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە هەندێک لایەن پشتگیریی خۆیان لەو مانگرتنە دەربڕیوە. پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) بە پێویستیی دەزانێت لەو پێوەندیەدا ڕووانگەی خۆی دەربڕێت:

١. خەباتی دانیشتووانی کوردستان هەمیشە لەلایەک بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، و لەلایەکی دیکە بۆ بە دیموکراتکردن و بە شارستانییکردنی سیستەمێکی حکومەتکردن لە ئێران بووە. دیارە بەو هیوایەی سیستەمێکی دیموکراتیی و پلورالیست لە ئێران بتوانێت کۆمەک بە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانیش بکات. زۆر جاران لە مێژوودا زۆرینەی دانیشتووانی نێزیک بە مەرکەز بە حکومەتی ناوەندیی ڕازیبوون و تەنانەت وەفاداری کوێرانەیشی بوون، دانیشتووانی کوردستان بۆ یەک دەقیقەیش دەستبەردار یان دوور لە خەبات و تێکۆشان نەبوون.

٢. بانگەواز کردنی مەحمودی ئەحمەدینەژاد بە سەرکەوتوو، کێشەی سیاسیی ناو بازنەی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی خستە ڕوو. ئەو کێشەیە لە ماوەی دە ڕۆژەی خۆیدا و بە تایبەتییش لە تاران ئیعتیراز و نارەزایی شایانباسی گرتە خۆی. نیشانە هەن کە ئەو ئیعتیرازانە بەرەو جۆرێک لە ڕەوواندنەوە و کەمبوونەوە دەچن وەک لە فرەتربوون و سەرانسەرییبوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ڕێزمان بۆ ئەو ئێرانیانە هەیە کە ناپێوەست بە پاڵێوراوانی ئەو هەڵبژاردنەوە بۆ ئێرانێکی دیموکرات و پلورالیست هەوڵ دەدەن. هەمووان دەزانن خەباتی کوردستانیان هەمیشە بە جۆرێک لە قازانجی ئێرانێکی دیموکرات و پلورالیستدا بووە و بەو قازانجەوە درێژەی دەبێت.

ئێستا پرسیار ئەوەیە: کاتێک خەباتی کوردستانیان بۆ یەک دانە دەقیقەیش نەوەستاوە، و قوربانیانی ئێمە هەر لە مەدەنی و پێشمەرگە و زیندانیان و لە تیرۆری دەرەوەی وڵات و لە تیرۆری سەدانەی ناو باشووری کوردستانیش ئەستێرەیەکە، کە نە هیچ نەیارێکی کورد، بەڵکو ئەوی زەرەیەک ویژدانی مرۆڤایەتی هەبێت ناتوانێت نکوڵی لێبکات. چ پێویست دەکات کورد بە تایبەتیی بیسەلمێنێت کە پشتگیریی لە ئیعتیرازی تارانیان دەکات و دژ بەو حکومەت و دەوڵەتەیە؟

**لێکدانەوەی ئێمە بۆ ئەو لەرزوتای "هەر دەبێت شتێک بکەین" بەم جۆرەیە:**

١. لایەنی کوردستانیی هەن لە پەلەپەلی وەزعەکەدا خەریکە فەرامۆشی دەکەن کە ئێمە هەر ئێستا واقیعەن لە خەباتداین و لە خەباتدا بووین. ئەگەر پێویست دەکات بە جۆرێک جۆش بەو خەباتە بدەین با وا بکەین، بەڵام دەبێت بپرسین چۆن بیدەین و چۆن ڕێکی بخەین هاوکات کە ئامانجەکانمان نەبن بە قوربانی دەستکەوتی کاتیی و هەنووکەیی.

٢. قسەی تێدا نییە لایەن هەن بە دوای ژمارە شەهیدی زیاتردا وێڵن و پێیان وایە شایەد کوشتاری زیادەتر لە کورد ئەوان لەو ئیزۆلەبوونەیان کە تێی کەوتوون ڕزگار بکات. ئەوجا ئەوانە بێن و لە بەر "خاتری کورد" ئاشتبوونەوەی گشتیی بکەن.

info@psdkurdistan.org www.psdkurdistan.org

هەڵەبجەیەکی ڕۆژهەڵات شایەد پێویست بێت بۆ ئەوەی هەندێک ڕووخسار بتوانن لە سەر مێزێک لە بەر "خاتری کورد" یەکبگرنەوە. لەلایەکی دیکەوە لە هەندێک حاڵەتدا کەسانێک لە پشت ئەو جۆرە هاندان و بزووواندنەوەن کە خۆیان هیچ جۆرە زیانێکی گیانیی و ماڵییان نەدیتووە و لە نێزیکەوە ئاگایان لە خەڵکی زەرەرلێکەوتوو و قوربایندەر نییە. ئەوانە گرەو لەسەر ژیانی خۆیان و منداڵانی خۆیان ناکەن، بەڵکو قومار لەسەر خوێنی هەژاران و بەشمەینەتانی نەتەوەکەمان دەکەن کە هەمیشە قوربانیی بوون.. ئێمە دەزانین لە چەند ساڵەی ڕابردووەدا چەند جار ئاووڕ لە دایک و خوشک و برا و کەسوکاری شەهیدان دراوەتەوە، چەند یارمەتی کراون و چەند ڕێزیان گیراوە. ئێستا هەندێک لایەن بە پەلەپرۆزکێ پێویستیانە کە خوێنی نوێیە بکرێتە کاسە. کاری وا بەپەلە زیاتر لەوەی لە قازانج و کەڵکی شەخسیی هەندێک لایەندایە، و لە ئاستێکی نزمیشدا حیزبیی، هیچ کەڵک و قازانجێکی بۆ کوردستانیان تێدا نییە و بگرە ماڵوێرانیی و سەرگەردانییەکی زیادەتری بە دوادا دێت.

٣. ئێمە دەڵێین "بەڵێ، بۆ درێژەدان بە خەباتی کوردستانیی و دیموکراتیخوازانە و ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان"، بەڵام ئەوەیش بزانن کە حکومەتی جمهوری ئیسلامیی لە کوردستانەوە نارووخێت، ئەوانەی دەڵێن ئەگەرچی خەتی سیاسیی موشەخەسیش لەم خۆپیشاندان و ئیعتیرازانەدا دیار نییە، بەڵام "ئینشائەڵا لە قازانجی کوردیشدا هەر دەبێت"، ڕووانگەیەکی خۆتەسلیمکردن بە قەدەرە. یاخود ڕووانگەی خەتی ڕۆمانسیی و شۆڕشگێڕانەی خەوی خەفڵەت کە پەنا ببردرێتە بەر شوبهاندنی ئەدەبیی کە شیرەژن و شێرەپیاوی کورد ڕابپەڕن و بێنە ناو کۆڵان و شەقامەکانی کوردستان، یاخود ڕماندنی قەڵای سەرمایەداریی و شتی لەو بابەتە. ئێمە هەموو ئەوانە ئاگادار دەکەینەوە کە کوردستانیان قارەمان و پاڵەوان و شێرەژن و شێرەپیاو نیین. کوردستانیان وەک هەر مرۆڤێک مرۆڤن. خەباتی سەختیان کردووە و دەیکەن بەو مەبەستەی وەک مرۆڤی ئازاد و سەربەخۆ و خاوەن کەرامەت بە سەربەرزیی بژین. ئەو خەباتە پلان و پێکەوەبوون و هاوڕیزیی و جیددیەتی سیاسیی دەخوازێت.

٤. ئێمە داوا دەکەین کوردستانیان درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن، بەڵام خۆیان بەو خۆپیشاندانانەوە نەبەستنەوە کە بەتایبەتی لە تاران دەبینرێت، کە بزانن دەوڵەت دەتوانێت لە کوردستان کۆمەڵکوژیی گەورە ساز بکات و تووڕەیی خۆی بە سەر کوردستاندا هەڵبڕێژێت. کە ئەگەری ئەوە زۆرە حکومەت دەستی توند لەو خەباتکارە مەدەنیانەی ئێستا هەمانە بووەشێنێت، کە هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسیی کورد ناتوانێت و قودرەتی نییە یەک دانە کەسیش بپارێزێت، کە شایەد کوردانی نیشتیمانپەروەری تاراوگە کە پێگەی کوردستانیشیان بەهێزە، نەتوانن ڕایگشتیی بە قازانجی کورد دژ بە ڕژێم کۆبکەنەوە.

کاری باش، پلان و پێشکاریی و ئامادەکاریی باشی دەوێت!

**٥.** ئەوانەی پێیان وایە کە هەرچییەک ببێت بابێت، یان هەر ئەوەندەی دیموکراتی بێت باشتر دەبێت. زۆر لە هەڵەدان. ئێمە نازانین چ دەبێت و ئەو وەزعە دەتوانێت چۆن بشکێتەوە، بەتایبەتی بۆ کوردستان. پاش ئەوەیش زۆر دەوڵەت هەن لە ناوخۆدا دیموکراسیین، بەڵام لەسەر نەتەوەی دیکە داگیرکەرن. بەریتانیا و ئیسپانیا و ئەمەریکا و فەڕەنسا و تورکیا لەو جۆرە دەوڵەتانەن. واتە مەرج نییە گەر نەتەوەی سەردەست بە دیموکراتیی بگات نەتەوەی بندەست ئازاد دەبێت یان ئازاد دەکات. لە حاڵەتی ئێستای ئێراندا بەرەو دیموکراسیی ڕۆیشتن لەوە ئاڵۆزترە کە هەندێک لایەن هاسانی دەکەن.

The Social Democratic Party of Kurdistan
Parti sociaoldemokrati Kurdistan (rojhelat)

بەرەودیموکراسیی ڕۆیشتنی ئێران چەندیش باش بێت ئێمەی کوردستانیی دەبێت ئیتر ئامانجی نەتەوەییمان نەکەین بە قوربانیی ئەو ڕێبازە کە مەرج نییە دەستکەوتی بۆ کورد تیادا بێت.

لەبەرئەوە پشتگیری کورد بۆ خۆپیشاندانی ناو تاران و دەوروبەری یان بۆ ئێران تەنها کاتێک لە جێی خۆیدا دەبێت کە بزانین چیمان دەوێت و چۆن دەیکەین. ئەوە گرینگە هەموو کوردستانیەکی نیشتیمانپەروەر کە بە ڕاستیی پشتگیریی لە ئێرانیان بۆ دیموکراتیی و پلورالیزم دەکات بە قسەی ڕۆمانسیی و زل و قەبە فریونەخوات و تاک و کۆمەڵیش بزانن هەنگاو ئەو هەنگاوەیە کە دەستکەوتی لێبکەوێتەوە.

٦. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە، سەرەڕای بە دواچوونیشیدا، نازانین کێ لە ڕاستییدا لە پشت ئەو ڕێکخستنەوەیە و کامە دروشم لە ڕۆژی سێشەمە ڕێککەوتی ٢٣ ژونی لە کوردستان سێبەر بە سەر ئەو مانگرتنە گشتییەدا دەخات کە بە پشتگیری خۆپیشاندانەکانی تاران دەکرێت، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات):

**یەکەم**: باوەڕمان بە خەباتی ئاشتیخوازانە و دوور لە زەبروزەنگە. هۆیەکەی ئەوەیە کە نابێت بیانوو بە ڕژێمی وەحشیی کۆماری ئیسلامیی بدەین تا هەلی بۆ لێدانی دانیشتووانی کوردستان بکەویتە دەست و تەڕووشک پێکەوە بسووتێنێت. ئێمە دەزانین بەکارهێنانی زەبر لەو ئاستەدا کە ئێستا کورد هەیەتی تەئسیری تایبەتی لە سەر کۆماری ئیسلامیی نییە،

**دووهەم**: داوای ڕاستەقینەی کوردستانیان خۆنەبەستنەوەیە بە شەڕی موسەوی و ئەحمەدینەژادەوە.

**سێهەم**: ئێمە دەبێت ئەو پرسانەی مەربوت بە کوردستانن بەرز بکەینەوە. هەمووان دەزانن کە خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان هەمیشە سەنگەری ئازادگانی ئێرانیش بووە. ئێمەی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان دەڵێین: نا بۆ داگیرکەریی، نا بۆ تۆتالیتاریی، نا بۆ حکومەتی ئایینی و مەزهەبی، نا بۆ ئیستبداد و وەحشیگەریی و خەفەقان.

هاوکات ئێمەی سۆسیالدیموکرات دەڵێین: بەڵێ بۆ ئازادیی نەتەوەیی و ژیانی ئازاد، بەڵێ بۆ پلورالیزم و سیکۆلاریزم، بەڵێ بۆ هاوئاستیی نەتەوەکانی ئێران.

با هەموومان بە یەک دەنگ بڵێین: **هێزی داگیرکار لە کوردستان بۆ دەرەوە!**

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

٢٠٠٩/٦/٢٢

info@psdkurdistan.org www.psdkurdistan.org